# نهێنیەکانی خنکاوێك

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com



وا هێدی هێدی شەپۆڵەکان چرنوکی سارد لە گیانم وەردەدەن و خوێاوی دەریا کەڵبە لە برینەکانی تەنیاییم گیر دەکا ، چۆڵترین شەوی ئەم کەنارەیە و من و مردن لە شەڕێکی ناتابەدا لە یەکتر وردەبینەوە ، ئەو ڕووی لەمنەو پشتاو پشت بۆ دواوە بۆ بەریناى دەریا هەنگاو دەنێ و بە تەماحێکی زۆرەوە پێم دەڵێ بۆ ئەترسی ؟!

خۆ تۆ دەمێکە لەم شارە خنکاوی .. مردن وەکو ڕاوچیەکی شادومان هاواری دەکرد بەسەرما کەبۆ بە هێواشی لە کەنارەکە دوور ئەکەومەوە ، منیش وەکو نێچیرێکی دوو دڵ لە ووشکایی و کەنار و لە دوونیای پشتمەوە ئەچومە پێشەوەو هەستم بە گوێزانی شەپۆڵەکانی دەریا دەکرد کە ناو قەدمیان ئەبڕی ، ئە چومە پێشەوەو ئەگریام لە ترسان و لە شەرم و لە مردنێك کە هەڵم بژاردووە ، لە هەمان کاتیشا دەنگی ماچ و دەنگی ئاپورەی هەزاران کچ و کوڕی سەر جادەی ڕۆبسۆن کە سەرخۆش و مەستانە هاواریان دەکرد:-

**( happy new year)** وەکو گەواڵە گەیشتە کەناری دەریاو بۆ لە حزەیەك هەنگاوەکانمی سارد کردمەوەو ئاورێکم لە دونیای پشتم دایەوە ، دونیایەك کە بەندیخانەیەکی گەورەیە بۆ من و ناوی شارە ! ئاورم دایەوە هەزار دەنگ و دیمەن ی ئیمرۆ و چوار ساڵی ڕابردوو بە گوێماو بە بەرچاوما وەکو فلیمێك لە دڵڕەقی و لە هیچ بوونی پاڵەوانەکانی خۆی ئەخولانەوە ،

فلیمێك کە هەر دیمەنێك و دیالۆگێکی مردنێك بووە ، فلیمێك پاڵەوانەکانی بە زمانی تەوروو گومان سەودایان لە گەڵ جیاواز بوونی منی خنکاو دەکرد ، فلیمێك دوو زەردەواڵەی پیری کێوی لە سەرتاوە تا کۆتایی شیلەی ناوی زراوی شاعیرێك دەلێسنەوە و بە سەر شیعرەکانی و بە سەر پێکەنین و گریانی ئەودا دەرشێنەوە ، پاڵەوانەکان .. پاڵەوانی دووروو هەرە نزیکی خۆمن ، پاڵەوانێك کە وەکو جلی بەرگم لێم نزیك بوو بە بەرچاوی خۆم نهێنی و ئەندێشەکانمی هەراج کردو چەندە بێ باك و چەندە هەرزان فرۆشتیەوە ، پاڵەوان ئازیزێکی لوول دراوە بە ئایەتەکانی مەمك و عیشوە کە لە بەرامبەرما یان جەلادە یان کوێرە یان بێ زمانە ، فلیمێك کە هەر ساتەی پەنجەرەیەك یان دەرگایەك بەڕووی پرسیار و رووخۆشیما زرمەی دێ و دائەخرێ ، رووم کردەوە دەریا و هەنگاوی ترم بۆ مردن و قوڵایی نا ، تا ئاو لە سنگم نزیك دەبۆوە ترس زیاتر دای ئەگرتم و بەڵام بۆ ئەوی لە کوشتنی خۆشما سوکایتیم بەرنەکەوێ و نەمدەویست لە بە رامبەر مردنا ترس نیشان بدەم ، لە ناخی خۆشما چەندە حەزم دەکرد کەسێك بە لای کەنارەکە تێپەڕێ و بە ئامۆژگاری بێ یان بە ماچ پەشیمانم کاتەوە ، ئاو

گەیشتە شانەکانم لە سەرما و لە ترسا ئەلەرزیم و ئەگریام ، ئەگریام چونکە مردن هەمیشە نهێنیەکی ترسناك بوو بۆ من ، ئەگریام لە شەرمان .. شەرم لە چاو کزی چاوەڕوانیەکانی دایکم ، شەرم لەو شەڕانەی لێرەو لە وێ بە نیوەچڵی بە جێم هێشتن ، شەرم لەو گۆرانیانیەی کە نەم ووتن ، شەرم لە پەیامی تۆز لێ نیشتووی کتێبەکانم و لە دوا خۆزگەی هەڵوەریوی باخچەکانی تەمەنی باوکم ، شەرم لەو هەموو کۆترەی لە سەربانی ماڵەکەماندا باڵم کردن و کۆتری گەڕەکەکانی ترم پێ ڕاو کرد ، شەرم لەو کچە شار نشینەی ئەوێندەر کە بە خۆشەویستی دەستمان پێ کردو بە ڕق کۆتاییمان پێ هێنا ، شەرم لەو هەموو ئەوانەی دڵم بریندار کردن ، شەرم لە ئەڤینێك کە روبارێك بوو لە هاناو لە دڵسۆزی ، شەرم لەو هەموو پێغەمبەرانەی گاڵتەم پێ کردن کەچی خۆشم بێ بەرز کردنەوەی هیچ ئالأیەك لە شەڕی بوون و نەبووندا خۆم لە دەست دا ، ئاو گەیشتە چەناگەم و ئەترسام لە چوونە پێشەوە لە گەڕانەوە ، لە هەردوولا مردنی جیاواز چاوەڕێمە ، ماسولکەکانم تەواو پەك کەوتن
ژانێکی قووڵ لە ئێسقانەکانم دای گرتم ، شل بووم ... تامی سوێرو بۆنی ساردی ئاوی دەریا تەوژمی هێناو دوا هاوارم بڵقە بڵق بوو ، دووا شت کە گوێم لێ بوو پێش ئەوەی بە تەواوی نقوم بم قاقای پێکەنینی کوڕێك و کچێك بوو کە لە لێواری دەریا ڕاوی یەکتریان دەنا .

**2004/1/1**

**ڤانکوڤەر**